لەسەر پشتیوانی و پشتگیری ریفراندۆم هەڵوێستم وەرگرت، پاشان لەسەر بەرگری لە حکومەتی هەرێم کە رێگەم نەدا ئەنجومەنی وەزیران نیصابی قانونی لەدەست بدات، بڕیارمدا وەک وەزیری دارایی و ئابوری لەناو حکومەت بەردەوام بم لەسەر خزمەتکردنی گەلەکەم باجی ئەو هەڵوێستەم هەرچی بێت دام".

رێباز حەملان باسی لەوەشکردووە، "لەگەڵ دەستبەکاربونم وەک بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کۆبونەوەم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کرد لە ئاستی زۆر باڵا، دواتر لە راگەیاندن چەندین دیدارم ئەنجامدا و بەرگریم کرد لە مافەکانی هەرێم، راستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوە بەو داواکاریانەی لێی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، ئەو هەوڵانەم نیگەرانی وەزیری دارایی عێراقی لێکەوتەوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردم، بۆ یەکەمجارە لە سایتی وەزارەتێک لە عێراق بەیاننامە لە دژی بەرپرسێکی باڵا بڵاوبکرێتەوە".

ئەوەشی خستەڕوو، "لەبەغدا پێشمەرگە ئاسا بەرگریم لەقوت و مافی خەڵکی هەرێمکرد و خەریکی بەرژەوەندی شەخسی خۆم نەبوم، دواتر لە کۆبونەوەی فەرمی ئەنجومەنی وەزارەت کێشەکە زیاتر گەورەکرا و لەگەڵ خودی وەزیر لەبەردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بەڕێوەبەری گشتی ئامادەبون دەمەقاڵێی و گرژیی دروستبو، بە شانازییەوە سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

رێباز حەملان دەشڵێت، "لەم ساڵی 2025دا، لەسەر داواکردن بۆ سەرپەرشتی کردنی مەلەفی بودجە و موچەی هەرێم، لەسەر پێداگیری لە شایستە داراییەکانی هەرێم، هەروەها لەسەر مامەڵەی نادروستی وەزارەتی دارایی عێراق لەسەر پرسی موچە و بودجەی هەرێم، کە زۆر مامەڵەیەکی سیاسیانەیە بە ناوی بابەتی تەکنیکی و هونەرییەوە بەردەوام موچەی موچەخۆرانی هەرێم دوا دەخرێت و لەکاتی خۆیدا نایەنێرن".

ڕونیشیکردەوە، "بە رەوام نەبینی من بەرپرسی باڵای وەزارەتێك بم لە بەغداد، موچە لەکاتی خۆی وەربگرم و ئیمتیازاتی زۆرم هەبێت، بەڵام هەمان وەزارەت هەکاری ناڕەحەتی میللەتەکەم بێت و هەر مانگە و بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، ویژدانی خۆم بەرامبەر خوای گەورەو میللەتەکەم و حیزبەکەم ئاسودەکرد، لە کۆتایی مانگی یەک بەرێزان بەرپرسانی باڵای هەرێم و حیزبم لەم بابەتانە ئاگادارکردەوە، داوامکرد کە من دەست لە کاربکێشمەوە و چیتر مامەڵەی نادروست مایەی قبوڵکردن نییە، بۆیە دەستم لە پۆستەکەم کێشایەوە".